# تراجیدیای چەپ و گەردەلولی گۆڕان!

## نەوزاد وەلی

لەم دواییانەدا چەند لێکترازانێك لەناو حیزبەكان و جیابوونەوە و دروستبوونی ڕێكخراوی نوێ ، سەرنجی زۆربەی ڕۆشنبیران و لێكۆڵەرانی سیاسی وڵاتەكەمانی ڕاكێشاوە.

ئەم لێكترازان و جیابوونەوە و ڕێكخراوی نوێ دروستكردنانە لە باشوری وڵاتدا ، لە كاتێكدا ڕووئەدەن كە گەلەكەمان بە قۆناغێكی هێجگار هەستیار و چارەنوسییدا تێئەپەڕێت و گەلەكەمان زیادتر پێویستی بە یەكدەنگیی و یەكرپزیی هەیە ، نەك لێكترازان! بەڵام وەك كورد ئەڵێت: كە كاسە پڕ بوو لێی ئەڕژێت.

## تراجیدیا

ئەگەر بە خێراییەك چاوبخشێنین بە خشتەی ڕووداوەكانی دە ساڵی ڕابوردووی باشوری وڵاتدا ، ئەوا ئەبینین كە:

– حیزبی شیوعی عێراق ـ لقی كوردستان (حیزبی شیوعی كوردستان ـ عێراق) ، لە دوای ڕاپەڕینەوە زنجیرەیەك لێكترازانی بە خۆیەوە بینیوە و سەدان كادێر و ئەندامی لێی دورکەوتنەوە و هەندێكیان ڕێكخراوی هەمەجۆرەشیان دروستكردووە.

– هەندێك لەوانەی كە لە حشكع (حیزبی شیوعی كوردستان ـ عێراق) جیابوونەوە و ڕێكخراوی خۆیان دروستكرد ، ئەوانیش هەر ساڵەی ئەبن بە چەند بەشێكەوە و هەر چەند كەسێك خۆیان و كۆمەڵێك دۆست و برادەر و خزم و كەسوكاریان ، ڕێكخراوێكی نوێ دروستئەكەن ، وەك كۆمەڵی (ئەبوحیكمەت) و ئەو هەموو جیابوونەوانەی ناویان كە تا ئێستاش هەر بەردەوامە!.

– لێكترازانەكەی ئەم دواییەی (كۆڕی تێكۆشان) ، ئەو كۆمەڵە كادێرە بەتواناییەی ناو حشكع كە دروشمی سەرەكییان لە سەرەتادا بریتی بوو لە چاكسازیی و پاكسازیی لە ڕیزەكانی حشكع دا ، بەڵام گوێنەدانی حشكع بە ڕەخنەی كادێران و بیروڕای كەمینە و جەماوەرەكەی خۆی ، وەك هەر جارێكی تر! بووە هۆی ئەوەی كە ئەو كۆمەڵە فراوانە لە كادێرانی حشكع بكەونەخۆ و ڕێكخراوێكی نوێ دروستبكەن.

– لێكترازانەكانی ناو ئەو چەند كەسەی كە هەر دوو سێ كەس و ناوێكی كۆمونیستیی ، كرێكاریی ، كارگەریی ، حیكمەتیی ، تەقوایی و شتی تر لە خۆیان ئەنێن و بەم دواییانەش هەندێكیان وشەی (چەپ)یان بۆ ناوەكانیان زیادكرد ، تا ڕادەیەك بووەتە مایەی گاڵتەجاڕیی و پێكەنینی جەماوەرەكە و زیادتر وەك (سیركوس) دێتە بەر چاو.

– لێكترازانەكەی ئەم دواییەی (ڕەوتی نیشتمانیی كوردستان) لە زەحمەتكێشان و جیابوونەوەی ئەو كۆمەڵە كادێرە كۆن و بەتواناییانە ، جێی سەرنجە!.

– گۆڕانكارییەكانی ئەم دواییەی ناو یەكیەتی نیشتمانیی ، زیادتر سەرنجی ڕۆشنبیران و لێكۆڵەرانی سیاسی ڕاكێشاوە.

لەوانەیە هەندێك كەس بڵێن كەی ینك چەپە! ڕاستە .. بەڵام بمانەوێت و نەمانەوێت كەسانێكی چەپ زۆرن لەناویاندا و سەدان كەسیان تا ئێستاش هەر خۆیان بە (كۆمەڵە) ئەزانن. لە لایەكی تریشەوە ینك خۆی بە سۆشیالدیموكرات ئەژمێرێت! بۆیە كە باسی چەپ ئەكەین ، ئەگەر بە كەمییش بێت ، ئەبێت هەر ئاماژەی بۆ بكەین.

هەروەها لەوانەیە هەر بەو شێوەیەش كەسانێك بڵێن ئەی سۆشیالیست و دیموكراتییەكەی حەمەی حاجی مەحمو! بەڵێ .. ئەوانیش خۆیان بە چەپ ئەزانن ، بەڵام ئایا هەر كەسێك خۆی بە چەپ بزانێت ، هەر وا بە ئاسانیی ئەخرێتە خانەی چەپەوە؟ ئەگەر (خاوەنی) حیزبێكی بەناو چەپ و سۆشیالیست و دیموكرات! زەویوزاری كارگەرانی كارخانەی جگەرە زەوتبكات و چەند ژنێكی هەبێت و دنیایەك زەویوزاری شارەزوری داگیركردبێت! ئایا ئەكرێت ئەو جۆرە حیزبانە بخرێنە خانەی چەپەوە؟

ئەگەر چی لەناو پارتیدا گۆڕانكاریی زۆر ڕوویداوە و كارگێڕی مەكتەبی سیاسیەكەیان و چەندان كادێری تریان ، لە ناكاو لابران ، یان خۆیان لاچوون و (ون) بوون و لە دنیای سیاسەتیشدا ناویان نەما! بەڵام پارتی لەم ڕۆژگارەی ئەمڕۆدا و بەو ستروكتورەی و بە سەركردایەتی پشتاوپشت ، بنەماڵە ، ڕەچەڵەك و بیروبۆچوونەكانیەوە ، ناخرێتە خانەی چەپەوە و داخراوییەكەشی وای كردووە كە ئەگەر گۆڕانكارییەكان زۆر گەورە نەبن ، ئەوا بە ئاسانیی دەرناكەون!.

## هۆشیاریی

ئەوانەی كە باوەڕیان بە زانستە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان هەبێت ، ئەبێت ئەو ڕاستییەش بزانن كە لەم دوو دەیەیەی دواییدا كۆمەڵگای كوردستان بەگشتیی و لە باشوری وڵاتیشدا بەتایبەتیی ، گۆڕانكاریی زۆریان بەخۆوە دیوە.

پێشكەوتنی تێكنۆلۆجیا ، زانستە هەمەجۆرەكان ، گڵۆڵە (گلۆباڵیزم) ، خێرایی و كورتبوونەوەی پەیوەندییە هەمەجۆرەكان و فراوانبوونی دەزگاكانی ڕاگەیاندن ، هەروەها نەبوونی ڕژێم لە باشوری وڵاتدا لەم سیانزە ساڵەی دواییدا ، كاریگەرییەكی زۆریان هەبووە و هەیە لەسەر جەماوەرەكە بەگشتیی و ڕۆشنبیرانیش بەتایبەتیی.

چەپ لە كوردستاندا ، وەك لە زۆربەی وڵاتاندا ، توشی تراجیدیا بووە ، ئەوەش ڕاستییەكی تاڵە و بە كەس ناشاررێتەوە ، لە ڕاستییشدا ئەوە گۆڕانكارییەكانن كە چەپیان توشی ئەو كێشە گەورانە كردووە. ئەگەر لە ڕوانگەیەكی فەلسەفییەوە سەیری ئەم گۆڕانكارییانە بكەین ، ئەوا ئەو ڕاستییەمان بۆ دەرئەكەوێت كە گۆڕانكارییە بچوك و كەم و نەبینراوە چەندایەتییەكانی ساڵانێكی زۆرن كە ئەمڕۆ بوونەتە هۆی ئەم گۆڕانە چۆنایەتییانەی كە ئێستا بە شێوازی جۆراوجۆر دەرئەكەون و دیارترینیشیان ئەو لێكترازان و جیابوونەوە و ڕێكخراوی نوێ دروستكردنانەن كە هەر لە پەرەسەندندان.

هۆیەكان و گۆڕانكارییە چەندایەتییەكانی ناو حیزبەكان و ئەو لایەن و ڕێكخراوانەش كە خۆیان بە چەپ ئەژمێرن ،

یان کەم و زۆر لـە خانەی چەپدان ، بریتین لـە چەند خاڵێکی سەرەکیی ، وەك:

– پێگەیشتن و بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی و چینایەتی جەماوەری گەل و ئەندامان و کادێرانی لایەنەکان.

– بازدانێکی گەورەی بزوتنەوەی ڕزگاریی کورد لـە قۆناغێکی ناوخۆییەوە بۆ قۆناغێکی نوێ و بە جیهانییبوونی کێشەکەمان وای کردووە کە گەورە و بچوکی جەماوەری گەلـەکەمان ، خۆیان بە بەرپرس ئەزانن بەرامبەر بە چارەنوسی گەلـەکەمان و هەستئەکەن کە کەم یان زۆر بەشدارن لـە پرۆسێسی ڕزگاریی نیشتمانییدا.

– بەشکردنی باشوری وڵات بەسەر میرنشینی بادینان و سۆراندا ، دوو بەڕێوەبەرایەتی ، دوو سیاسەت و دوو هەموو شتێك ، وای کردووە کە جگە لـە دوو سەرکردایەتییەکەی دوو زلحیزبەکە و سەرکردایەتییەکانی حیزبە پاشکۆکانیان! هیچ ئەندام و کادێرێکی بەویژدان و نیشتمانپەروەری ئەو حیزبانە ، ئەم دیاردەیەیان بۆ هەرسناکرێت و پێی ڕازیی نین.

– لـەدەستدانی ئەو هەلـە مەزنانەی کە لـە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە بۆمان لوا ، تا دەیان ساڵی تر باسێکی گەرمی نەوە لـەدوای نەوەی گەلـەکەمان ئەبێت!.

– بێزاربوونی جەماوەر لـە دەسەڵاتی تاك و دیکتاتۆریی و بێزاربوونی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکانیش لـە ژیانی ڕێکخراوەیی و حیزبیی تۆتالیتاریی و (مەرکەزیی دیموکراتیی) و مەکتەبی سیاسی حەوت هەشت کەسیی و مانەوەی بەرپرس لـە جێی خۆی تا مردن!.

– سیاسەتە ئاڵۆزەکانی سەرکردایەتییەکان لـە کێشە نەتەوایەتی و نیشتمانییە مەزنەکاندا و بەستنەوەیان بە عێراقەوە! دەروازەی ڕق و قین و بێزاریی و وەڕسبوونی جەماوەری گەلی کوردستانی یەکالا کردووەتەوە.

– گەندەڵیی و دزیی و جەردەیی و نەبوونی یاسا و دادگا و خۆ بە گەورە زانینی بەرپرسەکان و هیچ یاسا و ڕێسا و پرینسیپ و تەنانەت بەندەکانی پەیڕەویی ناوخۆی حیزبەکانیشیان نایانگرێتەوە.

– کێشەی ئەبوفایڵـەکان و بوونی سەدان سیخوڕ لـە ڕیزەکانی لایەنەکان و سەرکردایەتییەکانیاندا و دادگایی نەکردنیان و مانەوەیان لـە هەمان جێی حیزبیی و حکومیی خۆیاندا ، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە و هەیە لـەسەر نزمبوونەوەی ڕادەی بڕوای جەماوەر بە حیزبەکان.

– کوشتن و ئەتککردن و سوکایەتیکردن بە ئافرەت و نەبوونی یاسا و دەزگای یاسایی و ڕەسمیی بۆ پاراستنیان لـە دەستدرێژییەکان و ئازاردانیان ، سەرەڕای پێشێلـکردنی تەواوی مافەکانیان ، لـە کاتێکدا کە ڕۆشنبیری ئەم سەردەمە ناتوانێت چاوپۆشیی لـەم تاوانە مەزنانە بکات.

– پەرەسەندن و دروستبوونی ئیسلامی سیاسی لـە بۆشایی نێوان دوو زلـهێزەکە و شەڕە ماڵوێرانکارییەکانیاندا ، تەنانەت هەر لایەکیان لـە دژی ئەوی تر چەند کۆمەڵێکی ئیسلامییان دروستکرد و پوختە و پۆشتەیان کردن بە پارە و چەك و تەقەمەنی و دواتر بوون بە بەلا بۆ خۆشیان و بۆ تەواوی کۆمەڵگای کوردستانیش. لـەولا فرانسوا هەریری شەهید ئەکەن و لـەملاش بە دڕندەترین شێوە دەیان پێشمەرگەی یەکیەتی لـە ئاوایی خێڵی حەمە شەهید ئەکەن و

دڵ و گون و گورچیلـەکانیان دەرئەهێنن و لـەتەنیشت تەرمەکانیانەوە دایانئەنێن! کارەساتەکانی یەکی شوبات و کوشتنی چەندان هاونیشتمانیی و تەقاندنەوەی سالۆنی قژبڕین و ئارایشتی ئافرەتان و فتوادانی کوشتنی ئەدیب و نوسەر و هونەرمەندان ، چەند تنۆکێکن لـە دەریای جەهالـەت و خوێنڕێژیی ئیسلامییەکان لـە کوردستاندا کە پارتی و یەکیەتی بەرپرسی هەرە سەرەکیین لـە دروستبوون و گەشەکردنیاندا.

لـەم سەردەمەدا نەك هەر زۆر گرانە بۆ ڕۆشنبیر ، تەنانەت کۆلکە خوێنەوارێکیش ناتوانێت لـەگەڵ خەرافیاتی ئیسلامییدا هەڵبکات و چاوپۆشیی بکات لـەو هەموو سەربڕین و تەقاندنەوە و کوشتنی گەورە و بچوك و سوتاندنی تەڕ و وشکە!.

ئەمە لـە کاتێکدا کە مرۆڤێکی ئاسایی ویژدانپاك بە هیچ شێوەیەك ئیسلامی بۆ هەرسناکرێت ، ئەی چۆن مرۆڤێکی بەناو چەپ ، پێشکەوتنخواز ، دیموکرات و مارکسیی بۆی هەرسئەکرێت!.

ئەو هۆیانەی سەرەوە و چەندان هۆی گەورە و بچوکی تر ، ئەو گۆڕانە چەندایەتییانەی ناو کۆمەڵگای کوردستانیان دروستکردووە و ئەمڕۆش بە شێوازی هەمەجۆرە ئەتەقنەوە و گۆڕانکاریی گەورەتر دروستئەکەن.

## هەڵـە و هەڵـوێست

کەموکوڕیی و هەڵـەی زۆر لـەناو لایەنە چەپەکانماندا هەیە و بەردەوامیی سەرکردە و سەرکردایەتییەکان لـەسەر هەڵـەکانیان و ڕاستنەکردنەوەی ئەو هەڵانەیان ، بوونەتە مایەی بێزاریی ئەندامان و جەماوەرەکەشیان. هەندێك لـەو هەڵـە سیاسییانە ئەوەندە چەندبارە بوونەتەوە ، وای لـێهاتووە مرۆڤ هەستناکات کە (کات) و سەردەم لـە گۆڕان و بەرەوپێشچووندابن!

– دیکتاتۆریی لـەناو لایەنەکاندا ئەوەندە جێگیرە ، هەر وەك ئەوە وایە کە بەرپرسەکان لـەگەڵ شیری دایکیاندا خواردبێتیان!

– ناوەندێتی دیموکراتیی کە چەندان ساڵـە لـەسەری ئەنوسم و ئەمجارەش هەر ئەیڵێمەوە کە زنجیر و کۆتی دەست و پێی ڕۆشنبیرانی گەلـەکەمانە. ئەم نەخۆشییە (لـێنینیی ـ ستالـینیی)یە ، پیسترین و کوشندەترین میکرۆبە لـە جەستەی ڕێکخراوە بەناو چـەپـەکاندا ، تەنانەت مێژوو سەلماندی کە وەك وەرەمێکی شێرپەنجە وایە ، هەر ڕێکخراوێك ئەم وەرەمەی هەبوو ، ئەوا ئەبێت زوو یان درەنگ دەست لـە خۆی بشوات!

نمونەی ئەم شێرپەنجەیە ، تەواوی بزوتنەوەی کۆمونیزم ، سۆشیالـیزم و چەپە ، پاش دەیان ساڵ لـە (زەبت و ڕەبتی پۆڵایینی لـێنینیی) و (مەرکەزیی دیموکراتیی) ، هەموو ئەو حیزبە کۆمونیست و سۆشیالـیستانە ، وەك چۆن نوێژی ئیسلام بە بایەك ئەشکێت! ئەوانیش بە شنەبایەکی دیموکراتیی و ئازادیی ، هەموویان تێکشکان و نەمان و تەفر و تونا بوون!.

– سیاسەت بریتیە لـە هەڵـوێست .. کامەیە هەڵـوێستی ئاشکرای لایەنە چەپەکانمان دەربارەی کێشە نەتەوایەتی و نیشتمانییەکانمان؟

– کامەیە هەڵوێستیان لەو هەموو تاوانانەی کە بەرامبەر بە هەژاران ، کەمدەرامەتان ، کارگەران ، کەنەفتە ، پیر و پەککەوتە ، چەوساوان و خێزانانی شەهیدان ئەکرێن؟

– کامەیە هەڵوێستیان لەو هەموو تاوانانەی بەرامبەر بە ئافرەتان ئەکرێن؟

– کامەیە هەڵوێستیان لەو هەموو تاوانانەی بەرامبەر بە مافی مرۆڤ ئەکرێن؟

– ژمارەی خۆپێشاندان و مانگرتنەکانیان لەم دووانزە ساڵەی ڕابوردوودا چەندە؟ بەرامبەر بەو هەموو سیاسەتە هەڵە و کوشندانەی دوو زلحیزبەکە لە شەڕ و پێکدادانەماڵوێرانکارییەکان و عێراقچێتی و دروستکردنەوەی عێراقدا و دزیی ، جەردەیی ، ئەمدیو و ئەودیوکردن و گەندەڵیی و ..تد؟

– ئایا ئەندامانی حشکع ئەتوانن بێدەنگ ببن؟ لەوەی کە سکرتێرەکەیان ، حوجەتول ئیسلام شاکریی ، لە چاوپێککەوتنی (سەحەر)ی ئیسلامیی ئێراندا ، وتووێژەکانی لەگەڵ ئیسلامییەکان و پارتیدا بۆ (کورسی) بەدەستخستن! بە شێوەیەکی باوکسالارانە بەراورد ئەکات بە (خوازبێنیی کچ)!.

کامیان (خاوەن) کچەکەن! یان ئەگەر بە زمانی ئیسلامیی و باوکسالارانەی ئەو جۆرە شیوعییانە خۆیان بیلێیین ئەوا ئەتوانین بڵێیین: کامیان سواری کچی کامیان ئەبن؟

بەڕاستیی مایەی شەرمەزارییە کە لە هەزارەی سێیەمدا ، سکرتێری ڕێکخراوێکی بەناو شیوعی ، ئەوە ڕادەی هۆشیاریی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵایەتی بێت!

– ئەگەر هەردوو ئافرەتەکەی ناو سەرکردایەتی حشکع لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامییدا کۆبوونەوە بکەن! ئەوا ئیسلامییەکان لە پروتۆکۆڵەکەیاندا ئەنوسن لەگەڵ یەك نوێنەری حشکع دا کۆبوونەتەوە!! چونکە شیوعییەکان لە هەموو کەس باشتر ئەزانن کە لە ئیسلامدا ئیمزای دوو ئافرەت بە یەك ئیمزای پیاو ئەژمێررێت!!

– لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا ، حیزبی شیوعی عێراق و لقەکەی کوردستانی ، پارتییان بەوە تاوانبارئەکرد کە سەر بە ئێران و ئەمێریکان ، هەر لەبەرئەوەش (بەرەی نیشتمانیی و نەتەوەیی پێشکەوتنخواز)یان لەگەڵ بەعس پێکهێنا و بوون بە هاوپەیمان و وەزارەتێکیشیان وەرگرت و چەکی بەعسیشیان هەڵگرت دژی پارتی و شۆڕشی ئەیلول و هەزاران ئەندام و لایەنگر و دۆستیان لەدەست خۆیان دا و لاپەڕەیەکی ڕەشیان خستە مێژوویانەوە! و لەژێر ڕۆشنایی تیۆرییە بەدناوەکەی (بۆریس پۆنەماریۆڤ) دا پڕوپاگەندەی ئەوەیان ئەکرد کە بەعس ئەتوانێت بگاتە سۆشیالیزم بەبێ ڕۆیشتن بە قۆناغی سەرمایەدارییدا (گەشەکردنی ناسەرمەایەداریی)!.

ئەمڕۆش پارتی هەر هەمان پارتییەکەی جارانە ، ئەگەر ئەو سەردەمە لە ڕێگای ئێرانەوە پەیوەندیی بە ئەمێریکاوە هەبوو ، ئەوا ئەمڕۆ پەیوەندییەکەیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ئاشکرایە و شانازییشی پێوەئەکەن!. حیزبی شیوعی عێراقیش لە ڕێگای لقەکەی هەرێمی کوردستانییەوە (حشکع) ، هەر هەمان ئەو سیناریۆیەی سەرەتای ساڵانی حەفتاکان دووبارەئەکاتەوە! بەڵام ئەم جارەیان لەگەڵ پارتی هاوپەیمانە و لە هەردوو بارودۆخی شەڕ و (نەشەڕ و نە ئاشتییشدا) هەر لە حکومەتەکەی هەولێردا وەزارەتی هەیە!.

– لە دوو کۆنگرەی حشکع دا بڕیاردرا کە حشکع وەزیرەکەی لە کابینەکەی پارتیدا بکێشێتەوە ، بەتایبەتیی

لەدوای ئابی نەوەد و شەش و هاتنی بەعس بۆ ناو هەولێر ، بەڵام حشکع بڕیارەکانی کۆنگرەکانی خۆی پێشێلکرد! هەر لەبەرئەوەی کە (کادێرە موتەفەریغەکانی سەرکردایەتییەکەی) نەمرن لە برسا! چونکە نزیکەی سەد لە سەدی سەرچاوەی داراییەکەی ، لە دوو زلحیزبەکەوەیە ، ئەگەر یەکێکیانی لەدەستبچێت! ئەوا ئەبێت کادێرانی خوارەوەی (تەسریح) بکات ، یان موچەکانیان ببڕێت ، لەپێناوی ئەوەی کە کادێرە موتەفەریغەکانی سەرکردایەتییەکەی بژین!.

## هاوپەیمانیی

– حشکع هاوپەیمانیی لەگەڵ ئیسلامییەکان و پارتی و یەکیەتی دا ئەکات ، بەڵام لە هەمان کاتدا گوێ لە کەمایەتییەکانی ناو خۆی ناگرێت و ڕۆژ بە ڕۆژ کادێرانی خۆی لە خۆی دورئەخاتەوە و هیچ کامیش لە لایەنەکانی تر بە چەپ ناژمێرێت کە زۆربەی سەرکردە و کادێرانی ئەو لایەنانە ، ساڵانێکی زۆر و هەر لە لاوییەوە ئەندامی کارای حشع و دواییش حشکع بوون!.

– حشکع هاوپەیمانیی لەگەڵ ئیسلامییەکان ئەکات! لە کاتێکدا کە دینی ئیسلام لە سەرەمەرگدایە و لە زۆرانبازییەکی کوشندە و خۆتڕێندایە لەگەڵ تێکنۆلۆجیا و زانستی سەردەم و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و گلۆڵەدا. بێگومان زوو یان درەنگ ، ئەوە چارەنوسی هەموو دین و خەرافیاتەکانە ، بەڵام لەبەرئەوەی کە ئیسلام دڕندەترین و نامرۆڤایەتیترینیانە و بە خوێنڕشتن دروستبووە ، بۆیە ئەمڕۆش بەرگەی سەردەم ناگرێت و هەر بە خوێنڕشتنیش کۆتایی دێت.

بەڕاستیی سەیرە .. ئا لەم کاتانەدا حشکع (موغازەلە)ی ئیسلامییەکان ئەکات.

ئەبێت ئەمە چ فەلسەفەیەك بێت کە (شیوعییە عێراقییە کوردەکان) لەگەڵ ئیسلامییەکاندا یەکبخات؟ لەپێناوی چیدایە؟ ئەگەر لەپێناوی مافە نەتەوایەتییەکانماندا بێت! ئەوا نە ئیسلامییەکان و نە کتێبەکەشیان ، باوەڕیان بە نەتەوە نیە.

ئەگەر لەپێناوی کوردستانی نیشتمانماندا بێت! ئەوا ئیسلام و عەرەب باوەڕیان بە نیشتمان و بە کوردستانیش نیە.

ئەگەر لەپێناوی چینایەتیدا بێت ، ئەوا ئیسلام باوەڕی بە چینی چەوساوە نیە و پاڵپشتی سەرمایەدارانە.

ئەگەر لەپێناوی پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و مافی ئافرەت و مرۆڤدا بێت!!! ئەوا منالێکی ساوا ئەزانێت کە ئیسلام کۆنەپەرستە و دوژمنی سەرسەختی ئافرەتە و مافی مرۆڤیش بە نوکی چەقۆ ژەنگاوییەکانیانەوە بەم ڕۆژگارە ئەبریسکێتەوە.

باشە ئیتر ئەبێت چ بەرژەوەندێك لەو بەرژەوەندانە گرنگتر بێت بۆ (شیوعییە عێراقییە کوردەکان) کە وایان لێبکات (دڵداریی) لەگەڵ ئیسلامییدا بکەن و تەنانەت سەودای (کورسی) کڕین و فرۆشتن و (کچخوازیی) بکەن؟ بەڕاستیی ئەمە تراجیدیایە!.

– حشکع و کۆمەڵەکانی ئەبوحیکمەت و ئەوانەی لێیان جیابوونەوە و ئەبوسەلام و قادر عەزیز و عەبدولخالق

زەنگەنە و .. تد ، بە ناوی هاوپەیمانییەوە و لەپێناوی پارچە زەوی و موچە و ماڵنشینییدا ، تەواو خۆیان خزاندە ناو سیاسەت و هەڵە و کەموکورییەکانی پارتی و یەکیەتی و دوو حکومەت و وەزارەتەکانیانەوە و بەوەش بیانەوێت و نەیانەوێت بوون بە بەشێك لەوان و باوەڕی زۆربەی لایەنگران و جەماوەر و تەنانەت زۆربەی کادێران و ئەندامانی خۆشیان لەدەست خۆیان داوە. بەڵگەی زەقیش ئەو هەموو لێکترازانانەی ناویانە.

– هیچ لایەنێك لەو لایەنە بەناو چەپانە تا ئێستا بەرنامەیەکی (هاوپەیمانیی چەپ)یان نەبووە ، تەنانەت ئا لەم ڕۆژگارە سەختەشدا کە گەلەکەمان پیایدا ئەڕوات!.

– هاوپەیمانیی لایەنە چەپەکان لەگەڵ پارتی و یەکیەتیدا ، بووە بە سەرچاوەیەکی گرنگی یارمەتی ئابوری بۆیان ، چونکە داهات و ئابونەی ئەو ژمارە کەمەی ئەندامەکانیان! ئەوەندە نیە کە ژیانی ئەو هەموو (کادێرە موتەفەریغانە) و کرێی خانووبەرە و ئەوتۆمۆبیل و تێلێفۆن و تێلێڤیزیۆن و دەزگاکانی تری ڕاگەیاندن و (فەنتازییەکانیان) و گەشتەکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵاتیان دابینبکات!

هەر لەبەرئەوەیە کە ئەو لایەنە چەپانە کەم و زۆر هەوڵی (هاوبەرژەوەندیی) ئابوری ئەدەن لەگەڵ دوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە ، بەڵام تا ئێستا هاوپەیمانییەك لە نێوان خۆیاندا نەبووە و نیە! لە لایەکەوە لەبەرئەوەی کە لایەنە چەپەکان ئەو توانایەیان نیە کە یارمەتی دارایی یەکتر بدەن و بە پارچە زەوی و موچە و ماڵنشینیی تامیی تامیی یەکتر بدەن! وەك پارتی و یەکیەتی ئەیکەن. لە لایەکی تریشەوە ، هەر یەکەیان خۆی بە چەپی چەپان ئەژمێرێت و هەموو ئەوانی تریش بە لادەر لە هەموو پێوەرەکانی چەپ!.

کەواتە ئەو هاوپەیمانییەی کە لایەنە بەناو چەپەکانی ئەمڕۆ ئەیکەن ، تەنیا و تەنیا لەپێناوی بەرژەوەندی ئابوری و مانەوەی خۆیاندایە ، نەك هاوپەیمانییەکی سیاسی و هاوتا کە لەسەر بنەمای ڕێز و یەکسانیی و بەرژەوەندی گەل و نیشتمان و چین و توێژە چەوساوە و کارگەرەکاندا دروستبووبێت.

## چەپ و هەڵبژاردنەکان

زۆنگاوی هەڵبژاردنەکەی سەرەتای ساڵی ئایندە لە عێراقدا ئەوەندە لێڵە کە ئەبێت لایەنە چەپەکانی باشوری وڵاتمان بە هیچ شێوەیەك بەشداریی تیادا نەکەن.

پارتی و یەکیەتی دووانزە ساڵە هەڵبژاردنیان لە کوردستاندا نەکردووە و گوێشیان نەداوە بە هاوار و ناڵەی جەماوەری گەلەکەیان کە هەڵبژاردن بکەن ، دواجاریش چارەنوسی هەڵبژاردنەکانی کوردستانیشیان بەستەوە بە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی بەناو نیشتمانیی عێراق و پارێزگاکانی عێراقەوە! بەوەش بە مەبەست بێت یان لە نەزانینەوە! کوردستانیان کرد بە بەشێك لە عێراقی عەرەبیی.

تا ئێستاش کەم کەس ئەزانێت ئەو هەڵبژاردنانە چۆنن و لەسەر چ بنەمایەك ئەبن ، لە عێراقدا چۆن ئەبێت و لە کوردستاندا چۆن؟ ئایا ئەو پێوەرەی کە لە عێراقدا بەکاردێت ، هەر ئەو پێوەرەش ئەبێت بۆ کوردستان؟ خۆ ئەگەر وا بێت ئەوا ئەوە کارەساتە بۆ کوردستان.

بێگومان پرسیاری زۆر لـەم بارەیەوە هەیە ، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ، ئەوەیە کە ئەبێت چەپەکان زیادتر هۆشیار و بە ئاگا و دوربینبن.

جەماوەری کوردستان نابێت بەشداریی هەڵبژاردنی عێراق بکات ، بەڵام ئەو کوردانەی کە لـە بەغدا و شارەکانی تری عێراقدا (نیشتەجێن) ، وەك کەمەنەتەوەیەك لـە عێراقی عەرەبییدا ، مافی خۆیانە دەنگ بدەن.

ئەوەی کە ئەبێت جەماوەری کوردستان لـەم پرۆسێسەدا وەك ئەرکێکی مرۆڤایەتی لـەبەرچاوی بگرێت ، ئەوەیە کە تەنیا پەرلـەمانی خۆی ، واتە پەرلـەمانی کوردستان هەڵبژێرێت و هاوکاتیش نەبێت لـەگەڵ هەڵبژاردنەکانی عێراقدا.

ئەرکی ئەمڕۆی مرۆڤە چەپە بەویژدانەکانی کوردستان ئەوەیە کە جەماوەری گەلـەکەیان هۆشیاربکەنەوە و بۆیان ڕونبکەنەوە کە چارەنوسی چەندان شار و شارۆچکە و گوندی گەرمیان لـە ناوچەی موسڵەوە بە کەرکوکەوە تا ئەگاتە خانەقین ، هێشتا دیار نیە! بۆیە بەشدارییکردن لـە هەڵبژاردنێکی عێراقدا کاری خەڵکی کوردستان نیە ، تەنانەت تاوانێکی گەورەشە و مێژوو هەرگیز لـە دانیشتووانی کوردستان خۆش نابێت ، ئەگەر بەشداریی بکەن.

کەسانێك هەن کە لایان وایە بەشدارییکردنی دانیشووانی کوردستان لـە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا ، ئەبێتە هۆی ئەوەی کە نوێنەرمان لـەناو پەرلـەمانەکەی عێراقدا هەبێت و بەوەش کاریگەرییمان لـەسەر ڕووداوەکان ئەبێت! ئەم ڕایە خۆی لـە خۆیدا دانپیادانانە بە نەبوونی فیدراڵیزمدا ، چونکە تا ئێستا باس لـەوە نەکراوە کە ئایا ئەو پەرلـەمانە نوێیەی عێراق ، پەرلـەمانی فیدراڵییە یان نا! ئەی لـە دواییدا پەیوەندیی نێوان ئەو پەرلـەمانە عێراقییە و پەرلـەمانەکەی کوردستان چۆن و لـەسەر چ بنەمایەك ئەبێت؟

جگە لـەوەش ، ئەگەر کوردستان نوێنەری لـە پەرلـەمانی (نافیدراڵیی) عێراقدا هەبێت ، چ کاریگەرییەکی ئەبێت! ئەوەتا جێگرە کوردەکانی سەرۆکی (عێراقی شەمەریی) و ئەیاد عەلاوی کۆنەبەعسیی ، هیچیان نەوتووە و هیچیشیان پێنەکراوە بەرامبەر بە وڕێنەکانی سەرۆکی عێراقی شەمەریی دەربارەی هەڕەشەکانی لـە کورد و کوردستان ، لـەدوای ڕاپرسییەکەوە! ئەگەر جێگری سەرۆککۆمار و سەرۆکوەزیران هیچیان پێنەکرێت! ئەی ئەوانی تر لـە پەرلـەمانێکی نافیدراڵ و خێڵـەکی و نەخوێنەوار و بێدەسەڵاتی عەرەبییدا ، چییان پێئەکرێت؟.

## لـیستی هەڵـبژاردن

بە هەر حاڵ .. ئەگەر هەڵبژاردنێکی دیموکراتییانە و دادپەروەرانە لـە کوردستاندا بکرێت! ئەوا ئەبێت هەر لایەنێك بۆ خۆی و بە لـیستی خۆیەوە بەشداریی بکات.

لـە سیستمی پەرلـەمانییدا داب و نەریت وایە کە حیزبەکان بە لـیستی خۆیانەوە بەشدارئەبن لـە هەڵبژاردنەکاندا و دوای تەواوبوونی هەڵبژاردنەکە ، ئەو حیزبانەی کە ئەچنە پەرلـەمانەوە ، بەگوێرەی کورسییەکانیان لـە پەرلـەماندا ، واتە بەگوێرەی ڕێژەی دەنگیان ، لـەگەڵ یەکتردا ڕێکئەکەون و حکومەتی زۆرینە ، یان کەمینە دروستئەکەن.

ئەوەی کە مایەی پێکەنینە ، ئەوەیە کە لـەم دواییانەدا ، دەنگی ئەوە هەیە کە پارتی و یەکیەتی ئەیانەوێت بە یەك لـیست بەشداریی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کوردستان ببن و لـە دەوری (ففتی ـ ففتی) ئەسوڕێنەوە و چەند

کورسیەکیش (بە خێری خۆیان) ئەدەن بە لایەنە پاشکۆکانیان!.

بەڕاستیی سەیرە .. یان سەرکردایەتی پارتی و یەکیەتی جەماوەرەکەیان بە مرۆڤ نازانن ، یان خۆیان ئاگایان لەم دنیایە نیە! دووانزە ساڵە نەیانتوانیوە دەسەڵاتێکی هاوبەش دروستبکەن و دەیان شەڕی ماڵوێرانیی و کاولکاریی و دوو حکومەت و دوو سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیی ، بەڵام ئێستاش ئەیانەوێت کڵاو لەسەر جەماوەری گەلەکەمان بنێن و بە لیستێکی هاوبەش پەرلەمان دروستبکەنەوە!.

لەوە ئەچێت کە سەرانی پارتی و یەکیەتی (تەڵاق و سوێندی شەرەف)یان خواردبێت کە ئەبێت هەر خۆیان دەسەڵاتداربن و پەرلەمان و یەك دوو حکومەتەکەش هەر موڵکی خۆیان بێت!

لەم ڕۆژانەدا گۆڕەپانی سیاسی باشور وەك مەزادخانەی لێهاتووە ، هەر حیزب و حیزبۆکەیەك داوای (کورسی) پەرلەمان لە پارتی و یەکیەتی ئەکەن و ڕۆژ بە ڕۆژیش ژمارەی کورسییەکانیان زیاد و کەم ئەکرێت ، ئەم گاڵتەبازارە ، زیادتر لە بازاڕی (بۆرسەی دراو) و بازرگانیی ئەچێت وەك لە سیاسەت!

ئەو ڕاستییە تاڵەی کە بە هەموو حیزبێك هەرسناکرێت ، ئەوەیە کە ئەو حیزبەی پێش هەڵبژاردن بە لیستی هاوبەش لەگەڵ حیزبی تردا بەشداری هەڵبژاردنەکان ئەبێت ، حیزبێکی ترسنۆکە و نایەوێت نە خۆی و نە جەماوەری گەلەکەی بە هێز و توانا و ڕێژەی دەنگەکانی بزانن!.

ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە حیزبەکانی کوردستان ئەوەندە کەموکوڕیی و هەڵەی سیاسی گەورەی نەتەوەیی و نیشتمانییان کردووە و حیزبە چەپەکانیش ئەوەندە هەڵەی چینایەتی ، زانستیی ، کۆمەڵایەتی و پێشکەوتنخوازییان کردووە! بۆیە ناوێرن خۆیان وەك ئەوەی کە ئەمڕۆ (هەن)! بچنە ناو زۆرانبازیی هەڵبژاردنەکانەوە ، چونکە لەوانەیە ئەم جارەیان لایەنی دەرەکیی چاودێری سنوقەکانی دەنگدان بکەن و بواری گزیی و دزیی کەم بێت! لەوانەشە کە ئەو دوو میلیۆن کەسەی کە ئیمزایان بۆ پرۆسێسی ئازادیی کوردستان کرد ، زۆربەیان دەنگ نەدەن بەو حیزب و لایەنە عێراقچییانەی کە دووانزە ساڵە کوردستانیان بەشکردووە و ئیسلامییان لە کوردستاندا دروستکردووە و لە لایەکی تریشەوە تا ژێر کونەلوتەکانیان نقوم بوون لە گەندەڵیی ، دزیی و جەردەییدا.

لیستی هاوبەش مانای ئەوەیە کە ئەبێت دەنگدەر ، یان دەنگی بۆ بدات یان دەنگی بۆ نەدات! لە هەردوو حاڵەتەکەشدا هەر دژایەتیکردنی دیموکراتییە! چونکە مرۆڤ ناچار ئەکرێت کە یان هەمووی بە چاك و خراپەوە هەڵبژێرێت ، یان هیچیان هەڵنەبژێرێت! کە لە ڕاستییدا ئەوە دیموکراتیی ئیسلامیی و سەدامییە! و لە (عەلوە) و بازاڕی بەقاڵیی ئەچێت و (تاڵ و کرمێ لەسەر خۆت)!.

لەبەرئەوە چەپ و شیوعییە حیزبییەکان دەنگ بۆ هەمان لیست ئەدەن کە ئیسلامە خوێنڕێژەکانی تیادایە و ئەوانیش هەر بەو شێوەیە. لێرەدا ئیسلامییەکان و کۆنەپەرستەکان زیانیان نەکردووە ، بەڵکوو ئەوە لایەنە چەپەکانن کە زیانی گەورەیان لێئەکەوێت و ئەو هەڵەیەیان لێبوردنی نیە.

لە ڕاستییشدا لە حاڵەتی لیستی هاوبەشدا تەواوی پرۆسێسی دەنگدانەکە لە درۆیەکی شاخدار زیادتر هیچی تر نابێت! چونکە سەرکردەی لایەنەکان بە (خوازبێنی) ، بە (خێر) ، بە (بەزەیی) ، بە (وەفاداریی) ، بە (دڵسۆزیی) و

بە پشتگیریی لـە یەکتر لـە کاتی شەڕە کوردکوژییەکاندا ، ژمارەی کورسییەکانی پەرلـەمانەکان و حکومەتەکانیان هەر لـە ئێستاوە بەشکردووە! ئیتر هاووڵاتییان دەنگبدەن یان نا ، هیچ سودێکی نیە! ئەمەش گەورەترین ڕیسواکردن و ئەتککردنی دیموکراتییە و ئەبێت هاونیشتمانییان ناڕەزایی دەرببڕن ، بەتایبەتیی ئەبێت چەپەکان بە هیچ شێوەیەك بە کاری وا ڕازیی نەبن.

دوریش نیە کە لایەنەکان خەڵکەکە بەوە بترسێنن کە ئەو کەسەی دەنگ بۆ لیستە هاوبەشەکە نەدات ، ئەخرێتە خانەی دوژمنایەتی لایەنەکانی ناو لیستە هاوبەشەکە و کوردەوە و بەوەش ئەتوانن خەڵکێکی زۆر بتۆقێنن و بە ناچاریی دەنگبدەن.

ئەمڕۆ ئەرکی لایەنە چەپەکانی کوردستان ئەوەیە کە ئەو جەماوەرە هۆشیاربکەنەوە کە دەنگ نەدەن بەو دوو حیزبە و لیستە هاوبەشەکانیان ، نەك بە پێچەوانەوە ، خۆیان بەو دوو حیزبەدا هەڵبواسن و بە هەزار پاڕانەوە و لالآنەوە تا کورسییەك و دووانیان لـە پەرلـەمانی عێراق یان کوردستاندا بدەنێ! کە لـە ڕاستییدا ئەوە سواڵکردن و مشەخۆریی و خۆژیاندنە! نەك خەباتی سیاسی و چینایەتی و کۆمەڵایەتی و داکۆکییکردن لـە خواست و ئاواتەکانی چینە چەوساوە و هەژار و بێکار و برسییەکانی گەل.

مێژوو سەلماندی کە پارتی و یەکیەتی لـەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتیاندا ، هەموو ڕێیەك ئەگرنەبەر! تەنانەت وەك هەمووهمان ئەیبینین ، دووبەشکردنی باشوری وڵات وەك (ئاوخواردنەوە) وایە لـەلایان! لـە کاتێکدا کە بەشکردنی سیاسی بستێك لـە خاکی وڵات لـە هەر جێیەکی تری دنیادا ، مەزنترین خیانەتە و سزاکەشی کوشتنە.

حیزبەکانی باشوری وڵات ، باوەڕیان لای جەماوەرەکەیان دۆڕاندووە ، بۆیە سەیر نیە کە زۆنگاوێکی وەك ئەوەی ئێستاش دروستبووە و هیچ پێوەرێکی چەپ ، نیشتمانیی ، نەتەوەیی ، چینایەتی ، پێشکەوتنخوازیی ، مافی ئافرەت و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی نەماوە و نە بەرەیەکی چەپ و نە بەرەیەکی ڕاست هەیە و نە هیچ بەرنامەیەکی هەڵبژاردن لـە ئارادایە و ئەوەش کە ئەمڕۆ لـەم بارودۆخەی کوردستاندا حسابی بۆ ناکرێت ئایدیۆلـۆجیایە!! بۆیە هەموو ڕەنگەکان تێکەڵ بوون و تابلـۆیەکی ڕەزا گرانیان دروستکردووە کە ئەویش هەلپەرستیی ، بەرژەوەندپەرستیی و حساب نەکردنە بۆ جەماوەر!.

دوو لایەنە دەسەڵاتدارەکە لـەپێناوی مانەوەی دەسەڵاتیاندا و ئەو لایەنانەش کە لـە لێواری دەسەڵاتیاندان و بە یارمەتیەکەی ئەوان ئەژین! بێ گوێدان بە ئایدیۆلـۆجیا و پێوەر ، ئامادەن بۆ مانەوەی ئەو بەرژەوەندە حیزبیی و (شەخسیی) و ماڵ و سامان کۆکردنەوەیەیان ، هەموو شتێك بکەن و سازش لـەسەر بنەما چینایەتییەکان و ئایدیۆلـۆجییەکانیشیان بکەن!.

حیزبێکی بەناو زانستیی ، پێشکەوتنخواز ، مارکسیی ، لێنینیی و کۆمەڵێك زاراوەی تری لـەو جۆرانە! وەك حشکع ، ئامادەیە (دەست لـەگەڵ ئیسلامییدا تێکەڵ بکات) و (کچخوازیی و کچ بەشوودانی سیاسی)یان لـەگەڵدا بکات! هەروەها حیزب و ڕێکخراوەکانی زەحمەتکێش ، ڕەنجدەر ، کارگەر ، سەربەخۆ ، ڕزگار ، ئازاد ، سۆشیال ، دیموکرات و زاراوەی تری لـەو جۆرانە ، خۆیان بە گالیسکەی دوو زلحیزبەکەوە هەڵئەواسن ، بۆ ئەوەی یەکدوو کورسی ، یان

ڕاستتر ، یەکدوو موچەیان لـە پەرلـەمانێکدا بۆ دابینبکەن!!

ڕاستە ئەمانە هەموو تراجیدیای چەپن ، بەڵام بەڕاستیی زیادتر لـە (سیرکوس) و گاڵتەبازاڕ ئەچێت!.

## گۆڕان

ئەگەر لایەنە چەپ و کەسایەتییە چەپەکان ، هۆشیارییەکی چینایەتی و هەست بە لێپرسینەوەی چەپی ڕاستەقینەیان هەبووایە! ئەوا ئەبووایە هەر لـە گەرمەی شەڕە کوردکوژیی و ماڵوێرانکارییەکاندا ، بەرەیەکی چەپیان دروستبکردایە.

ئەبووایە هەر لـەو سەردەمەدا ، بەرەیەکی چەپ لـە باشوری وڵاتدا ، ئەڵتەرناتیڤی سێیەم بووایە! نەك ئیسلامییە خوێنڕێژەکان.

لـە مێژووی حیزبی شیوعی عێراق و لـەم دواییانەشدا لـە حشکع دا ، سەدان جیابوونەوە و لـێکترازان و دەرکردن و وازهێنان و خۆکێشانەوە ڕوویداوە و حیزب و ڕێکخراوی جۆراوجۆریشیان دروستکردووە. هەروەها چەندان جاریش ئەو جۆرە لـێکدابڕان و لـێکترازان و جیابوونەوانە لـەناو لایەنە (کەم یان زۆر) چەپەکاندا ڕوویداوە ، وەك ینك ، حسيك ، حسك ، حسدك ، ئاش ، زەحمەتکێشان و چەندان کۆمەڵـی تری وەك ئەوانەی ئەبوحیکمەت ، ئەبوسەلام ، عەبدولـخالـق زەنگەنە و خدر ڕوسیی و ..تد.

کە سەیری ئەم تراجیدیایانە ئەکەین ، لـیستێکی درێژ لـە ناوی حیزبی جۆراوجۆر ئەبینین! ناوی جوان و بریقەدار هەر لـە دیموکراتیی ، کارگەریی ، چەپ ، کۆمونیستیی ، سۆشیالـیستیی و سۆشیالـدیموکراتییەوە تا ڕزگاریی ، سەربەخۆیی ، کۆڕ و ڕەوت ، بەڵام تەنیا دوو لایەنیان تیادا نیە کە هاوکاریی و هاوپەیمانییەکی (چینایەتی) ، چەپێتی ، دیموکراتیی و ئەو زاراوانەی تر یەکیخستبن! ئەوەش کە هەیە ، بێگومان جێی داخ و نیگەرانییە ، ئەوەیە کە ئەو لایەنە چەپانە خۆیان بە یەکێك لـە دوو زلـحیزبەکەوە هەڵواسیوە و دورەپەرێزن لـە لایەنە چەپەکانی تر و لـە پرسەی سەرخۆشیی و ئاهەنگ و شاییدا نەبێت ، کەم جار چاویشیان بە یەکتر ئەکەوێت!

خۆژیاندنی سەرکردەکانی ئەو لایەنە چەپانە لـەسەر دوو زلـحیزبەکە ، کەم و زۆر چۆکدادانە بۆ سیاسەتەکانی دوو زلـحیزبەکە و بێدەنگییە لـە هەڵـەکانیان ، تەنانەت نەك هەر چاوپۆشیی ، بەڵـکوو زۆر جار پینەکردن و شاردنەوەی هەڵـە کوشندەکانیشیان بۆ کردوون!.

خۆهەڵواسینی لایەنە بچوکە بەناو چەپەکان بەو دوو زلـحیزبەوە و خۆژیاندنیان لـەسەریان ، ئەو بەردەوامییەی دروستکردووە لـە بارودۆخەکەی کوردستاندا کە سیانزە ساڵـە لایەك بە لایەکدا ناکەوێت. ئەو حیزبە بچوکانە ، لـەبەرئەوەی کە ئەگەر هەڵوێستیان هەبێت ، نانبڕاو ئەبن! بۆیە هەرگیز لـە دڵـەوە حەزیان لـە چارەسەری ڕاستەقینەی کێشەکانی نێوان دوو زلـحیزبەکە نەکردووە! کەمیش نەبوون ئەوانەی کە ئەیانوت: ئەگەر ئەم دوو زلـحیزبە ڕێکبکەون ، ئەوا هەموو ئەوانی تر قوتئەدەن! بۆیە هەر ڕێکنەکەون باشترە!.

گومان لـەوەدا نیە کە زۆربەی ئەو حیزبە بچوکانە ، پێویستیی مێژوویی دروستی نەکردوون! بەڵـکوو ناکۆکییەکان و

بۆشایی نێوان دوو زلحیزبەکە و پارەوپولەکەیان دروستیانکردن! بەڵام ئەمە ناتوانێت ئەو ڕاستییە بشارێتەوە کە گۆڕانکاریی هۆی سەرەکییە لەو جیابوونەوە و حیزب دروستبوونانەدا.

ئەو پرسیارەی کە زۆر جار قوتئەبێتەوە ئەوەیە: بۆچی ئەو هەموو کادێرە بەتوانایانە کە لە حیزبەکانیان جیائەبنەوە و حیزبی نوێ دروستئەکەن، نابن بە ئەڵتەرناتیڤی حیزبەکەیان؟ و هەر زوو زۆربەیان ئەتوێنەوە!

بەڵێ زۆر جار ئەم پرسیارە ئەکرێت بەڵام تا ئێستا هەر بە شێوەیەکی کلاسیکیی وەڵامدراوەتەوە. لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و خەباتی سیاسی زیادتر لە سی ساڵم لەم تراجیدیایانەی چەپدا، ئەتوانم سێ هۆی سەرەکیی بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەستنیشان بکەم:

1- کە تا ئێستا هیچ کام لەو ڕێکخراوانە نەیانتوانیوە ببن بە ئەڵتەرناتیڤی ئەو حیزبانەی کە لێیان جیابوونەتەوە، ئەوە لەڕاستییدا ئازایەتی و هۆشمەندیی سەرکردایەتییەکانی ئەو حیزبانە نەبووە و نیە! بەڵکوو هۆیەکەی ئەوە بووە و ئەوەیە کە ئەو کادێرانەی جیابوونەتەوە و جیائەبنەوە، هەر پەروەردەی ئەو حیزب و مەرکەزیی دیموکراتییەن و بە هەمان عەقڵییەت و شێوازی (لێنینیی و ستالینیی) لەگەڵ هاوڕێیان و ڕێکخراوە تازەکانیاندا مامەڵەیان کردووە و ئەیکەن! بۆیە هەموو جارێك هەر پاش ماوەیەك زۆربەیان ئەگەڕێنەوە ناو حیزبەکە، چونکە شتێکی نوێ و جیاوازییەکی ئەووتۆ نابینن لەنێوان حیزبەکە و جیابووەوەکاندا.

2- سەرچاوە و بنەما ئایدیۆلۆجیی و فەلسەفییەکان هەر بە هەمان شێوەی دۆگماتیزمیی و دێماگۆگیی سەرکردایەتییەکانی حیزبەکە! لە لایەن کادێرە جیابووەوەکانیشەوە پەیڕەوکراون و پەیڕەوئەکرێن و هیچ گۆڕانکارییەکیان لەو بوارەدا نە بە بەرنامە و نە بە پراکتیك نەکردووە و نایکەن و هەمان ڕادەی هۆشیاریی، چینایەتی، نەتەوەیی، نیشتمانیی، ئایدیۆلۆجیی و سیاسییان هەبووە و هەیە!.

زۆر جار دروشمەکانیشیان لەوانەی حیزبەکە خەستوخۆڵتر و بریقەدارتر کردووە! لە کاتێکدا کە جەماوەرەکە لە بنچینەدا لەگەڵ ئەو دروشمانەی حیزبەکەدا نەبوون و حیزبەکە خۆی لە خۆیدا گیرۆدەی داوی ئەو دروشم و سیاسەتانە بووە!.

3- بە شێوەیەکی گشتیی زۆر جار و لەم ساڵانەی دواییشدا بە شێوەیەکی تایبەتیی، ئەوانەی کە لە حیزبەکان ئەترازان، لەپێناوی ئەوەی کە (یەکسەر) و (کوتوپڕ) ببن بە هاوتای حیزبەکەیان، یان لە حیزبەکەش بەهێزتر ببن! ئەوا پەنایان بردووەتە بەر لایەنەکانی تر بۆ یارمەتی ئابوری و چەك و تەقەمەنی و ڕاگەیاندن و کەلوپەل و پێویستییە هەمەجۆرەکان و بەوەش کەم و زۆر کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی ئەو لایەنە یارمەتیدەرانەوە و بەستراونەتەوە بە هەڵوێستەکانیانەوە! خۆ ئەگەر نەچووبنە ژێر باریانەوە، ئەوا وەك حەمەی حەلاق و هاوڕێکانیان بەسەرهاتووە!.

کەواتە ئەبێت لەژێر ڕۆشنایی ئەو سێ خاڵەی سەرەوەدا بەرنامە و پلان دابڕێژرێن و گۆڕانکاریی بکرێت. تا ئێستا کەس بیری لەو سێ خاڵە نەکردووەتەوە، یان خۆیان لێ کەڕ کردووە، بۆیە کەس لەو نارازیی و جیابووەوە و دەرکراوانە نەیانتوانیوە ببن بە ئەڵتەرناتیڤ و ئەو جەماوەرە چەپە فراوانە لە دەوری حیزبێك یان بەرەیەکی چەپی

نوێ کۆبکەنەوە!.

کەواتە ئەگەر چەپەکان ، هۆشیاران ، ڕۆشنبیران و ئەوانەی هەست بە لێپرسینەوە ئەکەن ، بەشێوەیەکی زانستییانە ئەو هەموو گۆڕانە مەزنانەی ناو توێژ و چینەکانی گەلەکەمان و لایەنە سیاسییەکانی نەخەنەگەڕ ، ئەوا گومان لەوەدا نیە کە تراجیدیاکان قوڵتر ئەبنەوە ، چونکە هەموو گۆڕانێك ، گۆڕان نیە ، ئەگەر نوێکاریی و بەرەوپێشچوون نەبێت.

(کۆڕی تێکۆشان) ، (ڕەوتی نیشتمانیی کوردستان) و ئەوانی تر کە خۆیان بە چەپ ئەزانن ، ئەگەر ئەو سێ خاڵەی سەرەوە ڕەچاونەکەن و دورنەکەونەوە لە مەرکەزیی دیموکراتیی ، لێنینیزم ، ستالینیزم ، داس و چەکوش ، وشەی شیوعی و دەیان زاراوە و دروشمی خەیاڵیی و دورخایەن! ئەوا گومان لەوەدا نیە کە ئەمانیش چەند ناوێکی تر بۆ لیستی ناوی حیزبەکانی کوردستان زیادئەکەن و کۆمەڵێك ناوی کادێری موتەفەریغ ئەخەنە لیستی وەرگرتنی موچەی ماڵنشینیی و وەرگرتنی پارچە زەوییەوە لەلای دوو زلحیزەکە!.

## قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانیی

زۆربەمان ئەو ڕاستییە باش ئەزانین کە گەلەکەمان بە قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانییدا ئەڕوات و تا ڕادەیەکیش ئەم پرۆسێسە پێگەیشتووە و ئەگەر هەڵە کوشندەکانی دوو زلحیزبەکە نەبووایە ، ئەوا لەوانەیە ئێستا لە قۆناغی گەشەکردنی قەوارەی سیاسیدا بووینایە.

ئەم قۆناغ و سەردەمەی کوردستان پێویستی بە بەرەیەکی بەهێزی چەپ و گەل هەیە و لە ڕووی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتیشەوە پێویستی بە ئامرازێکی بەهێز هەیە. جا گرنگ نیە ئەو ئامرازی حوکمە ، لایەنێکی سیاسی بە تەنیا بێت ، یان چەند لایەنێك لە بەرەیەکدا ، گرنگ ئەوەیە کە ئەو ئامرازە بەهێزەمان هەبێت ، ئەگەر حکومەتێك بەهێز بێت و ئۆپۆزیشونێکی بەهێزیشی هەبێت ، ئەوە نیشانەی دیموکراتیی و پێگەیشتوویی بیر و هۆشی سیاسی و کۆمەڵایەتی گەلە.

گۆڕانکاریی ، نوێکاریی ، چاك و پاکسازیی ناو لایەنەکان زامنی پتەوکردنی ئەو ئامرازی حوکمەن. هەرگیز ناتوانین حوکمێکی پتەومان هەبێت کە بتوانێت بەرامبەر دوژمنان بوەستێت ، ئەگەر لایەنێکی بەهێز دەسەڵاتدار نەبێت و خاوەنی یەك پەرلەمان و یەك بەڕێوەبەرایەتی نەبین.

مەبەست لە دەسەڵاتی بەهێز ئەوە نیە کە یەکێك لە دوو زلحیزبەکە یان بەرەیەك ، توانای سەرکوتکردنی ئەوانی تری هەبێت! بەڵکوو بەهێزیی دەسەڵات ئەوەیە کە ئەو دەسەڵاتە توانای پاراستنی سەربەرزیی گەل و نیشتمانەکەی هەیە و پەرلەمان و دەزگا دەستوریی و یاساییەکان خاوەن دەسەڵاتی ڕاستەقینەن و کەس لە سەروویانەوە نیە ، بەتایبەتیی سەرۆکی حیزبەکان!.

ئایا لە باشوری وڵاتدا شتێکی لەو جۆرەمان هەیە؟ بێگومان و بە داخەوە وەڵام بە نێگەتیڤە!.

وەك وتمان و ناشوکوریی بێت! نەك هەر بەرەیەکی چەپ ، تەنانەت هیچ جۆرە بەرەیەکمان نیە کە بتوانێت ئەو دەسەڵاتە بەهێزە لە کوردستاندا دروستبکات!.

دوو زلحیزبەکەش سالآنێکە هەر یەکە و لە ناوچەیەکی باشوردا ئەو دەسەلآتەیان دامەزراندووە ، بەلآم بەداخەوە بەهێزییەکەیان تەنیا بەسەر جەماوەری ناوچەکەی خۆیاندا شکاوەتەوە!.

پارتی ناتوانێت بە ستروکتور و بیروبۆچوون و داخراویی و قۆرخکردنی دەسەلآت بۆ بنەمالە و سیاسەتە عێراقچێتییەکانییەوە ، ببێت بە حیزبی بەهێزی جەماوەریی و ئەم قۆناغی ڕزگاریی نیشتمانییە ببات بەڕێوە ، ئەگەر لەو قاوغەی نەیەتە دەرەوە!.

گومان لەوەشدا نیە کە یەکیەتی لەم ڕووەوە لە پارتی کلۆلترە ، بەلآم گۆڕانکارییەکەی ئەم دواییەی ناو یەکیەتی ، وەرچەرخانێکە لە ژیانی حیزبایەتی کلاسیکیی و خێلەکیی و بنەمالەیی لە کوردستاندا.

گۆڕانکاریی بریتیە لە ئالوگۆڕ و کەم و زیادبوون و ئاوێتەبوونی ماتێریال و یەکەکان و دیاردەکان ، واتە کۆبوونەوەی ئەو چەندایەتییانە ، شێوەیەکی نوێی ماتێریالێك یان دیاردەیەك دروستئەکەن کە ئەویش پێی ئەوترێت گۆڕانکارییە چۆنایەتییەکان ، یان جۆرایەتییەکان.

گۆڕانکارییەکەی ناو یەکیەتی ، بە هەرچ شێوەیەك بێت ، لەپێناوی بەرژەوەند و مالّ و سامان کۆکردنەوە ، دەسەلآت ، پلە و پایە ، هەست بە بەشخوراویی ، بێزاریی و ناڕەزایی یان دلسۆزیی ، ئەوانە گرنگ نین ، گرنگ ئەوەیە کە ئەو گۆڕانکارییە چەندایەتییانە لەناو ئەو لایەنەدا هەن. گرنگ ئەوەیە کەسانێك کە سالەهای سالە شاگردن ، ئەمڕۆ توانییان بەرەو ڕووی وەستاکەیان بووەستن و داوای (بەشی) خۆیان بکەن!.

ئیمزاکۆکردنەوەی چەندان ئەندامی سەرکردایەتی لە ناو حیزبێکی ڕۆژهەلآتیی و دەسەلآتدار و داخراودا ، دژی سەرکردەی (خاوەن) حیزب! ئەوە خۆی لە خۆیدا هەر تەنیا گۆڕانکاریی نیە! بەلکوو وەرچەرخانێکی گەورەیە لە کلتور و کەلەپوری سیاسی و دەسەلآتداریی لە تەواوی ناوچەکەدا!.

لەوانەیە ئەم شێوازی ڕادەربڕینەی ناو سەرکردایەتی ینك سەرەتایەك بێت بۆ زنجیرەیەك گۆڕانکاریی ، چ لەناو ینك خۆیدا ، چ لەناو لایەنەکانی تریشدا.

ئەم گۆڕانکارییە و ناونانی نەوشیروان مستەفا بە جێگری سەرۆکی ینك ، زۆری لەسەر وترا ، بەلآم بە داخەوە زۆربەی ئەو بیروڕایانەی لەم ڕووەوە وتران نەچوونە ناو خانەی لێکۆلینەوە و شیکردنەوەی سیاسی و زانستییەوە و زیادتر لە چوارچێوەی سۆز یان کینەدا گیرسانەوە.

ئەگەر چی هێشتا نەوشیروان مستەفا لە ڕووی فایلّ و دزیی و گەندەلییەوە لەوانی تر باشترە کە تا ئێستا ئاشکرا بوون! بەلآم لە ڕووی سیاسی و مێژوویەوە ، زۆر سەختە کە بتوانێت ئەو لاپەڕانەی ژیانی سپی بکاتەوە کە بە خوێنی سەدان پێشمەرگە و کادێری حیزبی شیوعی ، پارتی ، حسك و پاسۆك و ئەندامانی کۆمەلەی ڕەنجدەران ، نەخشاندوویەتی!.

لە هیچ بەلگەنامەیەکی ینك دا ناوی نەوشیروان دیار نیە کە سەرکردایەتی شەڕێك یان بەرەیەکی دژی بەعس کردبێت ، بەلآم دەیان بەلگە و نامیلکە و کتێب هەن ، بە کتێبەکانی خۆشیەوە! باسی ئەوە ئەکەن کە نەوشیروان (شۆڕە سواری) کوردکوژیی و شەڕی لایەنە کوردستانییەکان و بەرەکانی پشتئاشان ، ئاشقولکە ، قەڕناقاو ، بالیسان ،

شاربازێڕ و دەیان جێی تر بووە. دەیان ڕۆڵەی ئازا و پاڵەوانی ساڵەها ساڵەی خەباتی کوردایەتی بە نامە و فەرمانی ئەو لە شەڕ و پێکدادانیدا لەگەڵ یەکتردا تیاداچوون!.
کە عەبدولکەریم قاسم کوژرا ، خاوەنی دوو سەد و پەنجا فلس بوو. کە ستالین مرد خاوەنی یەك دانە ڕۆبڵ نەبوو ، هەروەها ماو و کیم ئیل سۆنگ و دەیان دیکتاتۆری تر بەو شێوەیە ، بەڵام ئایا تەنیا دەستپاکیی ئابوری هەموو شتێکە؟ ئەو سەرکردانەی سەرەوە هەموویان لە ڕووی ئابوری (شەخسییەوە) دەستپاك بوون ، بەڵام گەلان و وڵاتەکانیان توشی گەورەترین تراجیدیا کردووە! ستالین بەرپرسە لە کوشتنی چەندان میلیۆن ، نەك هەر لە هاووڵاتییانی خۆی! تەنانەت لە ئەندامانی حیزبە شیوعییەکەی خۆشی.
نەوشیروان قەسابی هەموو بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخوازانەبوو کە لەناو ینك دا هەبوو کە ئەویش تەنیا ڕێکخراوەکەی کۆمەڵە بوو. هەر وەك خۆی بە دڵنیایی و شانازییەوە لە کتێبەکانیدا باسیئەکات ، تەنیا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە ژیانیدا ئاشنایەتی لەگەڵ مارکسیزم و پێشکەوتنخوازییدا نەبووە و ئەوەی کە کردوویەتی لە لەناوبردنی کۆمەڵەدا ، لەسەر داوا و خواستی جەلال تاڵەبانیی بووە.
بۆ ئەوەی ئەم نوسینەی منیش لە شێوازە بێلایەنیی و زانستییەکەی لانەدات ، ناچمە ناو قوڵایی کێشەکانی ناو یەکیەتییەوە ، ئەوە کاری ئەندامان و لایەنگرانی ینك خۆیانە ، بەڵام ئێمەش وەك هاووڵاتیی و کەسانی ڕۆشنبیر ، چەپ و سیاسی ، بۆمان هەیە کەم و زۆر لە دیاردە هەمەجۆرەکانی ناو گەل و نیشتمانەکەمان بکۆڵینەوە ، بەتایبەتیی ئەوەی کە پەیوەندیی بە چارەنوسی گەلەوە هەیە ، جگە لەوەش کە لایەنەکان ئامرازی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتین و کەم و زۆر بەرپرسی ئەم قۆناغەن و ئەبێت هەمیشە لەژێر کۆنترۆڵی جەماوەردابن.
بەهێزبوونی حیزبێك لە کوردستاندا بە شێوەیەکی تەندروست ، نەك لەسەر حسابی سەرکوتکردن و تۆقاندن ، حیزبێکە کە ئەم قۆناغەی ئێستامان پێویستی پێی هەیە ، بەڵام ئەوە زیادتر لە خەیاڵەوە نزیکە وەك لە ڕاستییەوە ، چونکە مێژووی چل ساڵی ڕابوردوو ، شاهیدە کە دوو دەسەڵاتدارەکەی کوردستان ئەوە نین کە بەبێ خوێنڕشتنی یەکتر ، ببن بە ئامرازی بەڕێوەبردنی مۆدێرن و سەردەمییانە و گەلەکەمان بەرەو ئاسۆی هیوای ببەن.
لەبەرئەوە ئەمڕۆ کاتی ئەوەیە کە بەرەیەکی چەپی ڕاستەقینە دروست ببێت لەو لایەن و کەسایەتیانەی کە بەرژەوەندە نەتەوەیی ، نیشتمانیی و چینایەتییەکانی (ڕووتەیەکی) کورد لەسەروو هەموو بەرژەوەندەکانی ترەوە دابنێن ، تەنیا بەرەیەکی لەم جۆرە ، ئەمڕۆ ئەتوانێت وەڵامدەرەوەی پرسیاری دوو میلیۆن هاووڵاتیی بێت کە تەنیا جارێك لە ژیانیاندا ئیمزایەکیان لە دڵ و دەرونەوە کردووە ، ئەویش بۆ ئازادیی و سەربەخۆیی کوردستانەکەیان و بەختیاریی گەلەکەیانە ، نەك بۆ تاکتیك و موزایەدەی سیاسی دوو زلحیزبەکە!.
بزوتنەوەی چەپ لە هەستانەوە و پەرەسەندندایە ، لایەنە چەپەکانی گەلانی ئەمێریکای لاتین بە پیاداچوونەوەی سەرچاوە و بنەما ئایدیۆلۆجیی و فەلسەفیی و ئابورییەکان و گۆڕینی شێوازی خەبات و تێگەیشتنیان بۆ دیاردەکان ، وا لە تەنیشت ئیمپریالیزمی ئەمێریکاوە ، لە چەند وڵاتێکدا دەسەڵاتی سیاسییان گرتووەتەدەست ، دیارترینیان گۆڕانکارییەکانی ڤێنزوێلا و بەرازیلە.

# حیزب و حکومەت

بێگومان کە ئەڵێین حیزبێکی بەهێز ، ئەوا بە مانا زانستییەکەی ، مەبەست لە ئامرازێکی بەڕێوەبەرایەتی بەهێزە ، واتە حکومەت.

لە دنیادا داب و نەریت وایە کە ئەگەر حیزبێك دەسەڵاتی سیاسی بگرێتە دەست ، ئەوا سەرۆکی حیزب ئەبێت بە سەرۆککۆمار یان سەرۆکوەزیران ، بەڵام تەنیا لای کورد ئەو داب و نەریتە نیە و حیزب پیرۆزترین ئاوات و ئامانجە ! .

عەلاوی سەرۆکوەزیرانی عێراقی خێڵەکیی وەك سەرۆکوەزیرانی عێراق ئەچێت بۆ سلێمانیی. تاڵەبانیی ، نەوشیروان و کۆسرەت پێشوازیی لێئەکەن! واتە پێپلکانەی سەرکردایەتی یەکیەتی! بەڵام سەرۆکوەزیرانی سلێمانیی وەك پاشکۆ و بە پلەی چوارەم لەو پێشوازییەدا بەشدارئەبێت ! .

ئەمە نەك هەر سوکایەتییە بە سەرۆکوەزیرانی سلێمانیی ، تەنانەت سوکایەتیشە بە بەڕێوەبەرایەتییەکە و وەزیرەکانیش! ئەمە وا پێشانئەدات کە عومەر فەتاح سەرۆکی موختارەکانی گەڕەکەکانی سلێمانییە نەك وەزیران و کابینە !

ئەبووایە یەکەم جار سەرۆکوەزیران پێشوازیی لە سەرۆکوەزیرانی عێراق بکردایە ، ئینجا دوای ئەو ، کەسانی حیزبیی لە دەرفەتێکی تردا چاویان بە عەلاوی بکەوتایە ! .

کە سەرۆکی پارتی و یەکیەتی پۆستێکی بەڕێوەبەرایەتی ناگرنەدەست ، ئەو ڕاستییە باش ئەزانن کە سەرۆکوەزیران ، سەرۆکی پەرلەمان یان هەرچ پۆستێکی تر ، ئەبێت پاش دەورەیەك و دووان و سیان بگۆڕڕێن و لە پۆستەکەیان لاببرێن! هەر لەبەرئەو لابردنەشە کە نایکەن! خۆ ئەگەر (ئاسمان کۆڵەکەی بوێت) و ئەوەش بکەن ، ئەوا گومانی تیادا نیە کە یان وەك کاسترۆ و کیم ئیل سۆنگ و ئەوانی تر ، مردن نەبێت لە کورسییەکانیان نایەنە خوارەوە! یان وەك سەرۆکەکانی برا عەرەبەکانیان! هەر کە خولی سەرۆکایەتییەکەیان تەواو ئەبێت ، دەستور ئەگۆڕن و خولێکی تریشی بۆ زیاد ئەکەن! وەك عەلی عەبدوڵای یەمەن ، زەینلعابدینی تونس و لەحودی لبنان. لەوانەشە پێش مردنیان وەك ئەسەد و مەسەدەکان بکەن و کوڕ و برازا و خوشکەزا و کێ زاکانیان بخەنە جێی خۆیان.

ئەمڕۆ دەسەڵاتی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی لە باشوری وڵاتدا ، پێویستی بە حیزبەکان هەیە کە لەپشتییەوە بوەستن و پشتگیریی بکەن و پتەوی بکەن ، نەك بەڕێوەبەرایەتییەکە ببێت بە ئامرازێك بۆ پتەوکردنی دەسەڵات و سامانی حیزبێك و دووان! حیزبی بەهێز ئەو حیزبەیە کە لە پشتی حکومەتێکی ڕەوا و تەندروست و جەماوەرییەوە ئەبێت ، یان ئوپۆزیشونێکی بەهێز ئەبێت کە بەرامبەر بە هەڵە و کەموکوڕییەکانی حکومەتەکە ئەوەستێتەوە ، نەك بە پێچەوانەوە و بۆ بەرژەوەندی خۆی و سەرکردایەتییەکەی بە کورسی ، موچە ، پارچە زەوی و ماڵنشینیی ، خۆی بە پەراوێزی دەسەڵاتەکەوە هەڵبواسێت ! .

کۆمەڵگای کوردستان لە چەند ساڵی ئایندەدا گۆڕانکارییەکی زۆری لە هەناودایە. شنەبای ئازادیی ، دیموکراتیی ،

بەرەوپێشچوون ، گۆڕانکاریی و نوێخوازیی ، سالآنێکه هەڵیکردووه و وا بەرەو شێوازی گەردەلولیی ئەچێت! ئەوەی زوو خۆی کۆنەکاتەوە و لەگەڵ سەردەم ، پێشکەوتنی تێکنۆلۆجیا ، گلۆڵە و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا نەڕوات و خۆی لەگەڵ دیموکراتییدا ئاشنانەکات ، ئەوا ئەم گەردەلولە لە ڕەگدا هەڵیئەکێشێت ، یان وەك زۆربەی حیزبەکانی ئێستا ، بەناو و قەوارە زل ، بەڵام بە ناوەڕۆك نەزۆك و بێ بەرهەم ئەمێننەوە!.